# چه ندجوانه،عیشقی به ردو به رد

١

مه مکه کانت
جووتێ هێلکه ن،له سنگتا
هێلانه یه ک له نه مریان چێکردووه
منیش ڕاوچیه کی سه راسیمه م
ده یان هێنم سه یریان ئه که م٠

٢

له ناو
بۆنی تۆدا ئه نووم
که فی سه ر ڕوخسارت ئه خۆمه وه
ده بم به به هاروو،
جریوه یاری به قژم ئه کات٠

٣

که ئه ڕۆی
بۆنی خوا شار دائه گرێ
هه موو جێپێکانت هه ڵئه گرمه وه
له هه ر سوچێکدا دانه یه کیان به جێدێڵم
شه قامه کان ووشه ئه گرن
داره کانیش شیعر٠

٤

له بیرم دێت
یه که مین جار،به هه نسکت ئاشنا کردم
به ووردە ماچی ناو سنگ و
تێکه ڵبونی دوو هه ناسه و
سه فه ری ناو له زه تێکا

ده ستت گرتم٠

٥

ئه م ژووره
پێش هاتنی تۆ،دوو گلێنه ی نابینا بوو
دڵی خۆیشم تاریکستان
له ڕوخساری گه شی تۆوه
هه ر چوارده ورم، بۆته ژوانی ئه ستێره و مانگ
بۆته مه کۆی فراوانترین چراخان٠

٦

که هه ناسه م
یاری به قژت ده کرد
"ژیانت له تابووت هه ڵده کێشم"
دواین چرپه ت شکاندنی ئه م تابلۆیه بوو
له گۆمی ناهه قیه کدا ڕاوه ستای و
چاوه ڕوان
به چاوه ڕوانیت ئاشنا کردم٠

٧

له کرۆکی بێئاگای
که شه مامه ڕه نگین ئه بێ
ئاگادار بوو،
له بێسه بریدا له دایک بوو
ئه و کاته نێرگز هه ڵئه په ڕی
نمه سه مای ئه کرد،
له ژێر سێبه ری بارانا،چاوی یه که م
منداڵی یه که م ژنی دی
له ئامێزی دوو کێلی گڕگرتودا
وانه ی شه ره فی ئه وته وه،

خۆی چوو بوو،به ر له وه ی ببێ
هه ر نه بوو،کاتێ بوو۰
٨
به شوێن
ڕازی مردوانا مه چۆ
جگه له خوێن و خوێن،نه نیازێ به ژیان
له ژوانا جێی هه یه!
نه ماچێ بۆ گوڵێ،ژانی چۆک ئه یگرێ،
به من چی له لای تۆ ،هه میشه هه ر ڕۆژه!
له لای من سی ساڵه،هه ر شه وه به تۆ چی!
تا هێزت له لێوا قه تیسه،تف هه ڵده
بۆ هه رچی خوێن ڕێژو
ئیبلیسی سه ر خۆشه۰
٩
له و گه ڕێ!
ئه یه وێ بچێته وه بنمیچی باران
به دوای گه ردی ڕۆژا ئه گه ڕێ،
هه رکاتێ زه ره یه ک،ڕووخساری داپۆشیم
دێت و له په نا پێکه نینێکما ئه گری
سه ر به سه ر ئاسمانێکی بێکلیلدا ئه کات
دائه نیشێ و ڕائه مێنێ
هیچ نه بووی تا بووی
هیچ نابی کاتێ ئه بێ۰
١٠
گه ر به ته مای
هه ڵهاتنی ڕۆژی
گه ر ئه ده وێ

کراسێ له په لکه زێڕینه له به رکه یت،
بڕۆ له شه وێکی به خوێن زاودا
خۆت ڕووت که ره وه،وه ک یه که م چرکه ی له دایک بوون
ده ری که، گه ر له ده رگای دا
ڕابه ،گه ر خه ونت دی
سته م و مرۆڤ،مرۆڤ و سته م،لێیان گه ڕێ
وه ره وه دیده نیم
با فه ڕشێکی ڕه شت بۆ ڕاخه م،
ڕه شتر له چاره ی ڕۆژو،چاره ی خۆم و، چاره ی تۆ
گه ر به ته مای فه لسه فه مردوه کانی مه یه
هه ر له وێ بمره
چاوم نه به تۆ هه ڵدێ نه به ژنی ڕۆژ،
گه ر به شێتیش لێم حاڵی بووی
حاڵی به ،به پێکه نینم٠

١١

ئه دووت،
ئێستایشی له گه ڵدا بێ
شه وانه کراسه که ت به خۆمدا ئه ده م،
خه ونه کانم بۆنی تۆی لێدێ
ئه ڵێی چواله فرۆشم
سینییه ک له ڕه نگه کانی تۆم پێیه و
ڕه نگ ده فرۆشم٠

١٢

به یانیه ک
به خۆت و چارۆکه یه ماچه وه
سێبه ری لێوێک که به جێژوان،
گه ر منیش نه یه م

ماسییه ک که له ده ریا یاخیه
دیتو له به ر پیتا،پڕ چاوێ سه ما و
پڕ مشتێ ده مکردنه وه و
ئه زه لیه تێ له کۆتا بوون،ده نه خشێنێ٠
١٣
ئه و گلۆپه ی سه رسه رت
بێزاره وه ک دلت،ڕه نگ زه رده
چوون سیمای خه والوت،
ئه ی به تاریکی ئاشنا
ڕووناکی ئه م دنیا،ئه و تاله تیشکه یه با نه بێ
به په نجه ی بێزارت
له بنه وه ده ریکه، گه ر منت خۆش ده وێ٠
١٤
ئه زانم
گه ر هه موو ده ریاکان
به گه رووی سوتاوتا بچنه خوار
تینوێتیت ناشکێ،
ڕوناکی قوبه ی ڕۆژ،ئه ستێره و مانگه شه و
هه ر هه مووی بهێنمه ژوه که ت
ڕووناکی نابه خشێ،به دله ی تاریکت و
ڕه شێنه ی چاوه که ت٠
١٥
سه رمه ست به
به ژینی بێ ژیان،
به دلی بێترپه و
به گڕی هه لقرچان٠
١٦

له ته نگی قه فه زێکدام
کۆتره کان ده ستم بۆ هه ڵده برن و، ده ڵێن
ئه ی پیاوه ته نهاکه
له داری قه راغ ڕێ و
له ئاوی جێماوو
له زریکه ی مه ل ئه چی،
ئه ڵێی ته نهایی تۆی نووسیوه ته وه
له ئێشی شکانی په نجه ره و
له قفڵی بێ کلیل و له ده زووی قرچۆک و
له چه قۆی کول ئه چی٠

١٧

ئێواران وه ره به ر ده رگاو
شان له سه ر هه ناسه یه کی جێماوم داده،
بۆ گۆیژه بڕوانه و
سه رێ به رزکه ره وه و،ده ست بخه به ر چاووت
هه تا قوڕگت پڕ ده بێ بزریکێنه
ئاخر که هاتم
وه ک کۆته ره پیره کان،
قاپێ فرمێسکت به دوادا ڕشتم،
گوایه ئه فسانه ی گه ڕانه وه مه
که پێم ووتی وانییه هاوڕێم،ووتت هیچ؟!!!٠

١٨

من ڕازه کانی
ئه یوبی درۆزنم خوێندبوه وه
سه بره کانی له پێمدا دڕان،
ده مزانی سیحری هاوین و
توانه وه ی په نجه کانی خۆم،

به سه ر گۆی مه مکه کانی تۆدا،
سه رنجم گرتبوه هه نسکه هه نسکی چۆله که
کاتێ جووت ده بوون،
خۆیشم،له پیاوه حه ماڵه که ی دراوسێمان دا گرتبوو
کاتێ له شه هوه تا ده خنکاو
هاوسه ره که ی پێی پێده که نی و،ئه یووت
هێیی ئاقیبه ت شه ڕ،
گوزه شت، خوێندنه وه ی ئه و مراویانه ی
له حه وزه که مانا
به ده می یه کدا ده ڕشانه وه٠

عبدوڵا علی